# شوێن وجێگای چینی کرێکاری کوردستان

## لەبەرنامەی هەلبژاردنی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستاندا؟

**محمـــد غفـــور - هۆلەندا**
mgafo@yahoo.com

**بەڕێکەوت نییە کەلەمپەڕ تا ئەوپەڕی بەرنامەی هەلبژاردنی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستاندا،کەسەرجەم حیزبە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەپشتییەوەن وبانگەشەی بۆ دەکەن،نەك هەر بەندێك یاخود بڕگەیەکی پەیوەست وتایبەت بەچینی کرێکارەوە نەهاتووە تیایدا، تەنانەت بۆ یەك جاریش ووشەی "کرێکار" و "ڕەنجدەرانی بازوو"ی کوردستانی تێدا بەدیناکرێت.**
**ئەمە هەلەیەك نییە کەلەبیئاگاییدا بە قەلەمی سەرانی بزووتنەوەی ناسیونال ـ عەشیرەتی کورددا نەهاتبی، بەلکو خودی مەوجودیەتی ئەم بزوتنەوەیە لەسەر ئینکار و سرینەوەی چینی کریکار و دەوری ئەولەکۆمەلگای کوردستاندا دامەزراوە.**
**کریکاران وخەلکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی دەبێت پووچی وەعدە وبەلێن وفرِوفیشالی تەخشان وپەخشانکردنی گفت ورِووی خۆشی ئەمرِۆژانەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و هاوپەیمانانی ئیسلامی و عەشیرتیان وەك رِۆژی رِۆشن لا ئاشکرابێت وتەفرەیان نەخۆن و پەنجەمۆریان نەدەنێ، وئەم گالتەجارە ڕیسوا وناکام بکەنەوە.**
**ئینکارکردنی چینی کرێکار وجەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لەبەرنامە عملی سیاسی گالتەجارِی هەلبژاردنی کوردستان وعێراقدا،بەشێوەیەکی بەرجەستە دووری ونامۆیی ئەم بزووتنەوە قەومپەرست وعەشیرەتییە نیشان ئەدات لەگەل ماف و بەرژەوەندیەکانی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش وسەرجەم ئاوات وئارەزووە ئینسانییەکانی کۆمەلگای شارستانی کوردستاندا.ئەم حیزبانە وسەرۆکەکانیان بەم بەرنامەیەیان پێمان دەلێن کەوەکو چۆن لەم 14سالەدا هۆز وتایەفەی خۆیان نوقمی سەروەت وسامان ونیعمەت ورِابواردن کردووە،وبەشێکی زۆری جەماوەری ستەمدیدەش،یانی چینی کرێکار وزەحمەتکێشان وبێکاران وبێخانە ولانەکان، ڕووت ورِەجال وموحتاجی دەستی ئەم مەسئول وئەو سەرۆك تیرە وفلانە ئاخوندی کوردی نۆکەری جمهوری ئیسلامی ئێران یاحکومەتی سعودییە بن،وبۆ نانی شەوی منالەکانیان مەجبور بکرێن ببنە ڕەشە خزمەتچی وپاسەوانی ئەم نەجیبزادانە.**

**بەلێ ناسیونالیزمی کورد باش تێدەگات ودەزانێ لەبەرچی لەبەرنامە عملی هەلبژاردنیدا خەتی بەسەر بوونی چینی کرێکاردا هێناوە. بەلام ئەمە هەمان ڕەفتاری حیزبی بەعس وڕژێمی فاشیستی سەددام بوو کەچینی کرێکاری بەیاسایەکی قەرەقۆشی گۆڕی بۆ کارمەند، تابەم هۆیەوە ریگا لەبەردەم چەوسانەوەی کریکاران وداسەپاندنی بیمافی زیاتر بەقازانج وکەلەکەی سەرمایەو پارەوپولی بۆرژوازیدا ساز وئامادەبکات. ئەم حیزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتیش بۆ هەمان مەبەستی چاوچلیسی بۆرژوازی کورد وسەرمایەداران دەرسیان لەسەدام حسین و رژیمەکی وەرگرتووە و ئینکارکردنی چینی کرێکاری بەمەبەست لەبەرنامەی خۆیدا دەرکیشاوە. بەلام ئایا ئەم مەبەست و ئینکاریکردنەی بۆرژوازی کورد و بەرنامەی هەلبژاردنەکانی دەتوانێ کوردستان لەمەنتقی چینایەتی بوونی کۆمەلگا دەرکیشیت؟ ئایا بەسرینەوە وناونەهینانی کرێکاران، بۆرژوازی کورد وحیزبەکانی دەتوانن، کرێکارانی کوردستان بیدەنگ رابگرن ولەکیشمەکیشە سیاسییەکانی ئیستا دەریان کیشن؟**
**سەرەڕای هەر پەلەقاژەیەکی ناسیونالیزمی کورد بۆ کالکردنەوەی قوتبی بوونی کۆمەلگای چینایەتی کوردستان، لەسەرووی ئیرادە وخواستی ئەوانەوە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هاوچەرخ قانوونمەندی حەرەکەتی مێژووی کۆمەلگای کوردستانە،ودوو چینی ئەسلی،واتە چینی سەرمایەدار وچینی کرێکار بەئایدیۆلۆژیا ودەزگای فکری وسیاسەتی چینایەتی خۆیانەوە لەمەیدانی بەدەستەوەگرتنی موقەددەراتی سیاسی وئیداری وحکومەتیی کۆمەلگادا بەرامبەر بەیەك ڕاوەستاون. ناسیونالیزمی کورد وەکو نوێنەری سەرمایەداران وچینەداراکان وبازرگانەگەورەکان وسەرۆك تیرە وعەشیرەتەکانی کوردستان،وەك چۆن هەمووان ئەبینین ئەمڕۆ بەکردەوە ئەم نوێنەرایەتییە لەبانگەشەی گالتەجارِی هەلبژاردندا بۆئیلحاقکردنەوەی کوردستان بەعێراقەوە تەجسید دەکەن. تالەبانی وبارزانی لەپێناوی ئیمتیازێکدا کەئەمریکا بەلێنی پێداون بەخەستی هەر لەئەوەلەوە بوونەتە شەریکەتاوانی ئەمریکا بۆ بەرپاکردنی جەنگی**

عێراق وسەپاندنی ناسنامەی دینی ومەزهەبی وقەومی بەسەر خەلکی عێراقدا.چونکە تەنها لەعێراقێکی وادا ئەم بزووتنەوەیە توانای درێژەدانی دەسەلاتی خۆی هەیە بەسەر موقەددەراتی خەلکی کوردستاندا.

لەلایەکی تریشەوە ئەوە کریکاران وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە کەبەئاسۆ وئامانجی ئازادی و یەکسانی و گیرانەوەی کۆمەلگا بۆخاوەنانی ئەسلی کەکریکاران و خەلکی زەحمەتکیشە، لەمەیدانی یەکلاکردنەوەی کیشمەکیشە سیاسیەکاندا راوەستاون وهاوکاتیش تیدەکۆشن سیناریۆی گالتەجاڕی هەلبژاردن لەریگای هەلبرینی خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم ودامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆدا بەشکست بکیشن و بەمجۆرەش کیشمەکیشی سیاسی و راوەستانی دوو بەرەی چینایەتی و دوو بەرژەوەندی و دوواهاتوو لەکۆمەلگای کوردستاندا خەریکن بەپیچەوانەی یەکترەوە میژووی ئەم دەورەیەی کۆمەلگای کوردستان بەرەو دووئاقاری جیاواز دەبەن.

بەرنامەی هەلبژاردنی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان،30ئامانجی خستۆتە دەستووری خۆیەوە گوایا دوای ئەنجامدانی هەلبژاردن دەست دەکات بەئەنجامدانی.گریمان ئەم بەلێنانە هەمووی وایە وکەم وزیادیان نییە.بەلآم ئایا کێ هەلدەستێ بەجێبەجێکردنی تەواوی ئەو بەندانەی ڕیزکراون؟

لەئەرزی واقعدا دوای هەلبژاردن نۆرەی ئیستیسمار وچەوسانەوەی لەڕادەبەدەری چینی کرێکارە بەناوی ئاوەدانکردنەوە ودەیان تورەهاتی لەم چەشنەوە.چینی کرێکارێك لەکوردستان کەچەرخی بەرهەمهێنان دەسوڕێنێ وچین چین ئارەقە وشیلەی گیانی دەگووشرێتە وەبەرهێنانی سەفتەسەفتە دینار ودۆلار بۆسەر حساب بانکی مفتەخۆرانی کوردستان،وسەرتاپای لایەنەکانی ژیان وکۆمەلگای کوردستان خشت خشت هەلدەچنێ، کرێکارانیك کەبەدوای تیپەرکردنی تەمەنیك لەئەزیەت و ئازار و ماندووبوون، دوای بەسەر بردنی ژیانی خۆیان و منالەکانیان لەساوپەنای بیدەراتانی و کرێچیتی و نەبوونی و دەردەداریدا،بۆ دەبێ دیسانەوە ژیان و چارەنوسی خۆیان بدەنەوە دەست موفتەخۆران و دەلآلانێکی سیاسی بەناوی"گێڕانەوەی سەروەری نەتەوەیی و مافی کوردەوە"؟! دەبێ چشتیك لەهەلبژاردن و بەرنامەی بۆژوازی کورد، رەچاوبکەن، جگەلە کۆیلەیەتی و بیمافی زیاتر؟!

کەوایە دەبێت ئیمە کرێکاران و خەلکی زەحمەتکیشی کوردستان حسابی خۆمان لەگەل ئەم حیزبانە وئەم سەرۆك وڕابەرانەی کوردایەتی جیابکەینەوە. دەبێت هەر ئەمڕۆ نەك سبەی بیرێك لەخۆمان وئایندەی مال ومندالانمان بکەینەوە. ئەم حیزبانە کەئەمڕۆ پێویستیان بەپەنجەمۆری خەلك ولەوانە کریکاران هەیە، بۆئەوەی دەسەلاتی ریسواو چەوسینەرانەیان بۆدەورەیەکی تر بەسەر خەلك و کۆمەلگادا داسەپیننەوە، دەبی لەلایەن سەرجەم کرێکاران و خەلکی زەحمەتکیشەوە، وەلامی "نـــا" یان پێبدریتەوە. دەبێ ئەم سیناریۆ گالتەبازاڕەی ناسیونالیزمی کورد موقاتەعە وڕیسوابکری. بەرنامەی سیاسی ئەم حیزبانەو دەسەلاتی سەکوتگەرانەی بزووتنەوەی کوردایەتی هیچی تیدانییە بۆ ئیمە کریکاران و خەلکی بەشمەینەت ونابی ریگایان پیبدەین جارێکی تریش دەستمان بکەنەوە بەنیو ئاگری وەرگرتنی ئیمتیازاتێك بۆ خۆیان. هەروەك لەهەلبژاردنەکانی سالی 92 بۆ پیکیهنانی پەرلمانی کوردیدا، بینیمان کەچون دەنگی خەلکیان کردە مەرامێك بۆخۆیان و دواتریش شەری ناوخۆ و برسیتی و بیکاری و تیرۆرو رەشەکوژی ژنان و هەلهاتنی لاوان بۆدەرەوەی ولات و کاری منالان و سەدان دەرد و مەینەتی تریان بەسەر خەلکدا داسەپاند. کەوایە ڕێگەمەدەن ئەم سەرۆك عەشیرە وتایەفانە بتانکەنە ڕەعیەت ولەپێناوی دەسەڵاتی تاکڕەوی خۆیاندا بتانگێڕنەوە بۆ ژێرسایەی حکومەتێکی فاشیستی ئیسلامی لەعێراقدا،وپەنجەمۆری پلەدوویی خۆتانتان لێ وەربگرن.

بۆرژوازی کورد و دەولەمەندان و سەرمایەداران و حیزبەکانیان، قازانجیان لەوەدایە هەلبژاردن بکەن، بەلام ئیمە کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش قازانجمان لەموقاتەعەو هینانەدی خواستی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستاندایە.

11-01-2005